# ئەمریکا و بنکەی سەربازی هەمیشەیی

**سەردار عەزیز**

لەم نووسینەدا بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا ئەگەرێین کە لەم ماوەی دوایەدا لە ناوەندە سیاسی و میدیاکانەوە قسە و باسی زۆری لێوەئەکرێت و دەمێکیشە بوەتە پرسیارێکی بێ وەڵام لای خەڵکی کورد. ئەو پرسیارەش ئەوەیە؛ ئایا ئەمریکا بنکەی سەربازی هەمیشەیی لە عێراق دروست دەکات؟ ئەگەر وەڵام بە ئەرییە، ئەوە ئایا هیچ یەکێک لەو بنکە هەمیشەییانە لە کوردوستان دەبێت، وەک ئەوەی هەردوو حیزبە کوردیەکە هەوڵی بۆئەدەن و بە جۆشەوە لۆبی بۆئەکەن وە هەروەها زۆرینەی خەڵکی کوردوستان دەخوازێت.

سەرەتا پێش ئەوەی بێینە سەر وەڵامی پرسیارەکە دەبی چەند ووردە پرسیاری تر بکەین، هەتا مەودای گشتی پرسیارەکەمان بۆ روونبێتەوە.. بۆ نموونە دەبێ بپرسین، بۆ ئێستا، بە تایبەت لەم ئانو ساتەدا ئەم پرسیارە دەکرێت.. ئێستا لە هەموو ئانوساتێکی تر زیاتر پرسیارکردن دەربارەی بنکەی سەربازی هەمیشەیی دەکرێت چونکە، ئێستا هەروەها باس لە کشانەوە دەکرێت. ئەمە بۆخوی نیشانی ئەوەیە ئێمە پێدەنێنە قۆناغێکی نوێ و جیاواز لە پەیوەندی عێراق و ئەمریکا. ئەگەر سوپای ئەمریکی دەکشێتەوە، دەبێ چۆن چۆنی بێت. ئایا دەبێ سەرتاپا سوپای ئەمریکی بکشێتەوە وە عێراق بۆ خەڵکی عێراق و ناوچەکە بەجێبهێڵن. رەنگە کارێکی وەها لەلایەن باراک ئۆباماوە، یەکێک لە کاندیدە سەرەکیەکانی دیموکرات بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی داهاتوو، تەنها شێوازی کشانەوەی گونجاوبێت. ئۆباما، کە باوکی خوێندکارێکی خەڵکی کینیابوو لە ئەمریکا کە دایکی ئۆبامای بینی، بۆیە ئۆباما ئەگەر ببێتە سەرۆک ئەوا دەبێتە یەکەم سەرۆکی رەش پێستی ووڵاتێک کە تا کۆتایی شەستەکان مافی دەنگدانی بە خەڵکی رەش پێشت بە رەوانەئەبینی.

ئۆباما لە نوسینێکا کە لە دوا ژمارەی گۆڤاری فۆرن ئەفێری (کاروباری دەرەوە)، کە لە لایەن وەزەراتی دەرەوەی ئەمریکیەوە دەرئەچێت، بڵاو دەبێتەوە وە بەشێکی لە رۆژنامەی گاردیانی بەریتانی بڵاوبوەوە، داوای ئەوە ئەکات کە سوپای ئەمریکی لە عێراق بکشێتەوە ، بەبێ جێهێشتنی هیچ بنکەیەکی سەربازیی هەمیشەیی لە سەر خاکی ئەو ووڵاتە.

لەگەڵ ئۆبامادا زۆری تریش لەوانەی کە لە چەپی دیموکراتەکانن لەگەڵ هەمان رادان. ئۆباما دەزانێت دەنگی لەوانەوە دێت، بۆیە بۆ ئەوان دەئاخڤێ. بەڵام ئەم بەشەی رادیکاڵەی دیموکرات هەرگیز نەهاتوەتە کۆشکی سپی. بۆیە هەر لە سەرەتاوە چانسی ئۆباما، سەرەرای ئەوەی کە کە بەکەسی

دووەم دێ لە لیستی دیموکراتەکان پاش هیلەری، بۆ هاتنە سەر دەسەڵات لاوازە. هەرچەندە ئەگەر هاتوو، موعجیزە روویدا و ئۆباما هاتە سەر دەسەڵات، ئەوا دونیا ئیدارەکردن زۆر جودایە لە دونیا ئۆپۆزسیون و کەمپەینی هەڵبژاردن.

رەنگە ئۆباما و دیموکراتە چەپەکان تەنها بەرەی سیاسی بن لە ئەمەریکا لە گەڵ ژمارەیەکی کەمی کۆماریەکان بۆ مەبەستی دەنگ هێنان دژ بە هەبوونی بنکەی سەربازی هەمیشەیی بن. ئەگینا بەشێکی زۆری حکومەت و ئۆپۆزسیون لەگەڵ هەبوونی بنکەی سەربازی هەمیشەییدان. بەشێک لە دیموکراتەکان لەگەڵ ئەوەدان کە سوپای ئەمریکی بکشێتەوە بۆ کوردوستان. دیارە ئەمە لەو روانگەیەوە دێت کە دەبێ سوپای ئەمریکی لەو ناوچەیە بمێنێتەوە، هەروەها لە ناوچە نزیکەکانی

تری عێراق، وەک کوێت و قەتەر بۆ چاودێریکردنی ناوچەکەو هەبوونی هێزی ئامادەباش بۆ شەری تیرۆر. سەرەرای ئەمە مانەوەی بنکەی سەربازی کێشەیەکی سیاسی هێندە ناسکە حکومەتی ئەمریکی تا ئێستا بە راشکاوانە باسی نەکردوە. بەڵام وەک هەموو کێشەیەکی تری ناسک و ئاڵۆز بە لە سەرخۆیی خەریکی ئامادەکردن و رەخساندی زەمینەی لەبارە بۆ هێنانە ئارای مەسەلەیەکی وەها. بەڵام کێشەی گەورە لەبەردەم ماناوەی بنکەی سەربازیدا، ئەو بارودۆخەیە کە ئێستا سوپای ئەمریکی تیا ئەژی لە عێراقدا. ئەم بارودۆخە وەهایکردوە لە بەشێکی زۆری ئەندامانی کۆنگریس کە دژی خەرجکردنی هەر پارەیەک بن بۆ مەبەستی دروستکردنی بنکەی سەربازی هەمیشەیی.

سەرباری هەموو ئەمانە، هەموو لۆجیکێکی، بەرژەوەندی و مەترسی تیرۆر و ململانی نێو دەوڵەتیەکان بەرە و ئەوە ئەرۆن کە گومانی تیا نیە کە ئەمریکا بنکەی سەربازی هەمیشەیی لە عێراق دەهێڵێتەوە. وەک رۆبەرت گەیتس باسی لێوەکرد، ئەو بنکە سەربازەیە لە دۆخی بیر لێکردنەوەدایە ئایا لە شێوازی کۆریای باشور بێت یان لە شێوازی یابان. (لێرەدا ئەم قسەیەی گەیتس نموونەیەکی باشە بۆ دووفاقەیی سیاسەت لە ساتەوەختی دەسەڵات و ساتەوەختی دەرەوەی دەسەڵات. گەیتس یەکێک بوو لە ئەندامەکانی دەستەی دارشتنی راپۆرتە ناسراوەکەی بیکەر هاملتون. لە بەندی 22ی ئەو راپۆرتەدا داوا لە حکومەتی ئەمریکی ئەکەن لە کاتی کشانەوەیا لە عێراق هیچ بنکەیەکی سەربازی هەمیشەیی لە پاش خۆی بەجێنەهێڵێ. بەڵام بەبوونی بە وەزیری بەرگری، گەیتس، بیر لەوە ئەکاتەوە کە ئەو بنکە سەربازیە هەمیشەییە لە سەر چ شێوازێک بێت). دیارە ئەمریکا پاش جەنگی جیهانی دووەم و جەنگی کۆریا بنکەی سەربازی هەمیشەیی لەو دوو وولاتەدا هێشتەوە، هەروەها لە ئەڵمانیاش.
سێ هۆکاری گرنگ هەن کە بریار لە سەر مانەوە و چۆنێتی بنکە سەربازیە هەمیشەییەکان دەدەن. یەکەمیان؛ تیرۆرە، ئەمرۆ بەشێکی زۆری تیرۆری دژ بە ئەمریکی سەرچاوەکەی لە ناوچەکانی عەرەبە سوننەکاندایە، وە هەر ئەم ناوچەیە مەترسی ئەوەی هەیە لە داهاتوودا، ئەگەر هاتوو ئەمریکا بەجێیبهێڵێ ببێتە سەرزەمینێک بۆ گەشە و بوژانەوەی تیرۆری دژ بە ئەمریکی و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا. بۆیە گومانی تیا نابێت کە بەشێک لەو بنکە هەمیشەییانەی کە لە عێراقدا دەبن لە ناوچەی سوننە دەبن. هەر ئەمەشە وەهایکردوە کە ئێستا بەشی زۆری بنکە سەربازیە ئەمریکیەکان لە عێراق لە ناوچەی سوننەدابن، بە بەراورد بە ناوچەکانی تر.
هەرچەندە کۆمەڵێ هۆکاری تر هەن کە وەهایکردوە ئەو ژمارە زۆرەی بنکەی سەربازی لە ناوچەی سوننەدابن، جگە لە تیرۆر هۆکاری لۆجیستی و جوگرافیش رۆڵی گەورە دەبینن. لە رووی لۆجستیەوە بنکە ئەمریکیەکان زۆربەیان لە وشوێنانەدان کە فرۆکەخانەی لێبوو لە سەردەمی سەددامدا یان نزیکن لە فرۆکەخانەکانەوە. هەروەها بوونی بەغدا وەک پایتەخت و لە هەمانکاتدا شوێنی گەورەترین بالوێزخانەی ئەمریکی لە دونیادا.
 بیرکردنەوە لە ئەندازیارێتی و ئەندازەی سەربازی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە ناوچەی سەوز رەنگە زۆرمان پێبڵێت دەربارەی تێروانینی ئەمریکا بۆ داهاتووی عێراق ئەو ئەگەرانەی کە ئەمریکا بیریان لێئەکاتەوە. ئەم بالوێزخانەیە کە لە قەراخ دیجلە دروستکراوە هێندەی وولاتی ڤاتیکان گەورەیە. ئەم باڵوێزخانەیە جێگایەکە کە دەتوانێت بە سەربەخۆ لە دەوروبەری خۆی بژی. بە مانایەکی تر

لە کاتی ئابلۆقەدانیا هیچ شتێک پێویست نیە لە دەرەوە بێت،. نە ئاو نە ئاوەرۆ نە کارەبا، نە هیچ پێداویستیەکی تر، ئەمە وەها ئەکات لە کاتی ئابلۆقەدانی بالیوزخانەکەدا دانیشتوانەکەی دەتوانن بۆ زۆرترین کات تیا بمێننەوە. وە هەروەها بە مەبەستی بەستنی بالۆێزخانەکە بە دونیای دەرەوە، سەربانی باڵۆێزخانەکە وەها دروستکراوە کە بۆ نیشتنەوەی هێلیکۆپتەر بشێت. رەخنەگرانی دەسەڵاتی ئەمریکی ئەندازیاری ئەم باڵوێزخانەیە بە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە هانۆی پایتەختی ڤێتنام دەچوێنن.

هۆکاری بنەرەتی دووەم لە دروستکردنی بنکەی سوپایی هەمیشەیی، کە بە درێژایی چەند نەوەیەک بمێنێتەوە ستراتیژیەتی ناوچەکە و بەرژەوەندی ئەمریکایە. عێراق ئەگەر لەدەست ئەمریکا بچێت ئەوا دەکەوێتە دەست ئێران و هێزە سونیە توندرەوەکان. ئەم دوو هێزە، کە هەڵگری ئایدەلۆژایی ئاینین دژ بە ئەمریکا و دۆستەکانی ئەمریکان لە ناوچەکەدا بەتایبەت ئیسرائیل. ئەگەر هاتوو سوپای ئەمریکی کشایەوە ئەوا ئەم هێزانە دەستئەکەنە شەری نێوان خۆیان، کە ماوەیەکە بەردەوام دەبێت بەڵام لە هەمانکاتدا دەستدەکەن بە ناردنی خەڵک و بیروراکانیان بۆ وولاتانی دەوروبەر. یەکێک لەم ئەگەرانە ئەوەیە کە ئەگەری ئەوە هەیە شەری شیعە و سوننە سەرتاپا رۆژهەڵاتی ناوەراست بگرێتەوە. چونکە، نەبوونی ئەمریکا لە ناوچەکە و بەهێزبوونی شیعە گۆرانێکی بنەرەتی بەسەر بونیادی حوکمدا دێنێت لە ناوچەکەدا، چونکە زۆربەی وولاتانی ناوچەکە خەڵکی شیعەیان هەیە و زۆربەشیان چەندین سەدەیە بە خراپترین شێواز دەچەوسێنرێنەوە.

هەرچەند ئەگەر هاتوو ئەمە رووبدات ئەوا رەهەندە ئابووری و نێو دەوڵەتیەکەی رەنگە لە هەمووی مەترسیدارتربێت. وولاتانی کەنداو زۆرترین و هەرزانترین نەوتی دونیایان هەیە. هەر قەیرانێکی سەرانسەری لە ناوچەکەدا رەنگە ببێتە هۆی کەمبوونەوەی نەوت بە رادەیەکی زۆر و بەرزبوونەوەی نرخ بە ئاستێک ببێتە هۆی تێکشکانی بازار و ئابووری نێودوڵەتی. بەڵام رەهەندێکی تری ئەم مەسەلەیە کە کەم باسی لێوەئەکرێت رەهەندی چینە. وولاتی چین لە گەشەیەکی ئابووری بێووێنەدایە، وە بۆ درێژەدان بەم گەشەیە پێویستی بە زیاتر و زیاتر نەوت هەیە. چین گوێ بەوە نادات کێ نەوتی پێئەفرۆشێ، لە هەموو کەسێکی ئەکرێت. ئەگەر بێتوو ئەمریکا لە ناوچەکە بکشێتەوە ئەوا رەنگە ئەو بۆشاییە لەلای چینەو پرکرێتەوە. بۆیە ئەمریکا بۆئەوەی رێگە لەوە بگرێت چین ببێطە هێزێکی گلۆبال ئەوا دەبیت دەست بەسەر سەرچاوە نەوتیەکانی دونیادا بگرێت. پێش ئەوەی چین ببێتە هێزێکی وەها کە ئەمریکا ناچاربێت بچێتە شەری ساردەوە لەگەڵیا.

بە مەبست کوردەوە، ئەگەربێتوو ئەمریکا بنکەی هەمیشەیی لە عێراقدا بهێڵێتەوە ئەوا بێگوومان یەکێک لەو بنکانە لە نزیک شاری کەرکوک دەبێت. سەرەرای ئەوە ئەمریکا لە فرۆکەخانەیەکی بچکۆلەی نزیک شەقلاوە و لە نزیک سمێل بنکەی هەیە. ئایا لە ناوچەی سلێمانی بنکەی تر ئەکاتەوە، ئەگەر بیکاتەوە ئەوا دەبێت نزیک فرۆکەخانەی سلێمانی بێت یان لە هەر جێگایەکی تربێت دەبێت فرۆکەخانەی خۆی بۆ بونیادنێت، چونکە ناتوانرێت بنکەیەک بپارێزرێت و لە پەیوەندی خێرابێت لەگەڵیا بەبێ بوونی فرۆکەخانە بە تایبەت لە ناوچەیەکی شاخاوی دوورە دەستی وەک کوردوستاندا. پلان وەهایە کە ئەمریکا 14 بنکەی سەربازی هەمیشەیی لە و ناوچەیەدا بهێڵێتەوە.

سەرەرای ئەمانە، بوونی بنکەی سەربازی ئەگەر ناچاری کوردنەبێت شتێکی ئەوەندە باش نیە. سوپای ئەمریکی لە خوێری ترین و نامەردانە ترین خەلکی ئەو وولاتە پێکهاتوە. بە جۆرێک کە

**بەتاڵن لە هەموو بەهاو رەوشتێکی مرۆڤانە. زۆربەی سوپا خەڵکانێکن کە هیچ بوارێکی تریان لە ژیاندا نەبووە. ئەگەر بوونی کورد لەلایەن دراوسێکانیەوە سەلامەت بێت ئەوا نەبوونی بنکەی هەمیشەیی باشترە.**